# بەشینەوەی گۆشتی ئاژەڵ لەشاری نیپپور لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور ( ٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز.)

## لەبەر ڕۆشنایی دەقی مێخی بڵاونەکراوە لە مۆزەخانەی سلێمانی

**عادل حمه امين شريف، كۆزاد محمد احمد**

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** لەم توێژینەوەدا سێ دەقی مێخی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆکراوە، کەلەمۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون، دەقەمێخییەکان لەشاری نیپپور تۆمارکراون باس لە بەشینەوەی گۆشتی ئاژەڵی وەک مەڕ و بەراز و ئاسک دەکەن. لەڕێی خوێندنەوە و بڵاو کردنەوەی ئەو دەقانە ئاشنای سیستەمی بەشینەوەی خواردن و بەشێک لەژیانی مرۆڤ و کارگێڕیی دەوڵەت لەشاری نیپپور دەبین تابزانین بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و ئەو بڕەخۆراکانەی بۆ تاکە کەسێک بە باش زانراوە چۆن دابەشکراوە.

**کلیلە ووشەکان-** دەقی مێخیی، گۆشتی خوێکراو، بنەماڵەی سێیەمی ئور، بەشەخۆراک، شاری نیپپور.

## پێشەکی:

سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور(٢١١٢- ٢٠٠٤ پ.ز. ) بەیەکێک لەسەردەمە گرنگەکانی مێژووی مێسۆپۆتامیا Mesopotamia دادەنرێت، پاش ڕاپەڕینەکەی (ئوتوخێگال Utuḫegal ٢١٢٥-٢١١٣ پ. ز) فەرمانڕەوای شاری ئوروک بەسەر گووتییەکا ندا توانی شارەکانی باشوری مێسۆپۆتامیا لەدەستی گووتییەکان دەربێنێ و هەموو شارێک فەرمانڕەوایەکی بۆدانا( ئور- ناما Ur-Namma٢١١٢- ٢٠٩٥) کە یەکێک بوو لەسەرکردەکانی سوپاکەی کردی بە فەرمانڕەوای شاری ئور، پاش دیار نەمانی ئۆتوخێگال بە هۆیەکی نادیار، ئور- نەمما توانی هەموو شارە سومەرییەکان یەک بخات و شانشینێک دروست بکات و شاری ئوری وەک چەقی شانشینەکەی دیاری کرد. لێرەوە سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی سێیەمی ئور دەست پێدەکات.

شایانی باسە لای شوێنەوارناسان ئەم سەردەمە بەسەردەمی سومەری نوێ ناودەبرێت، لەم سەردە مەدا پێنج پاشا توانیان نزیکەی سەدساڵ فەرمانڕەوایی بکەن. شایانی باسە شێوەی فەرمانڕەوایی لەم بنەماڵەدا پشتا و پشت بووە. پاش ئور- نەمما Ur-Namma ٢١١٢- ٢٠٩٥ پ.ز ،شولگی šulgi ٢٠٩٤- ٢٠٤٧پ.ز، ئەمار- سینAmar- Sîn ٢٠٤٦-٢٠٣٨پ.ز، شو-سین Šū-Sîn ٢٠٣٧- ٢٠٢٩پ .ز، ئیبی- سینIbbi-Sîn ٢٠٢٨- ٢٠٠٤ پ.ز. بوون بە پاشا، شاری نیپپور لەلایەن پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور گرنگی یەکی تایبەتی هەبووە، بەتایبەتی لەڕووی ئاینییەوە،

لەم توێژینەوەدا ناوەڕۆکی سێ دەقی مێخیی بڵاونەکراوەی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور کە لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون دەخەینەڕوو. شایانی باسە ئەم سێ دەقە مێخییە بە زمانی سومەری نووسراون و لەشاری نیپپور تۆمار کراون و تایبەتکراون بە بەشینەوەی گۆشتی ئاژەڵی وەک مەڕ و بەراز و ئاسک. جێگەی ئاماژەیە لەم سەردەمەدا خواردن و خواردنەوە وەک کرێی کاری کارمەندانی میری بەشراوەتەوە، بە سیستەمێک کە پێی ووتراوە Še-ba واتە خۆراک لە بەرامبەر کاردا، هەروەها وەک کرێ دەدرا بە کرێکاران و کۆیلەکان ودیلەکان و وەک خەرجی ڕێگاش دەدران بە نێردراوان. گرنگترین ئەو خواردن و خواردنەوانەی لەم سیستەمەدا ناویان هاتوون بریتین لە ( جۆ، نان، ئارد، هەرزن، ڕۆنی ڕووەکی و ئاژەڵی، گۆشتی ئاژەڵ و ماسی، خورما، شیر، سیر، بیرە، مەی، شۆربا........)

## ناوەڕۆکی دەقەمێخییەکان:

### دەقی یەکەم:

**ژمارە SM.038802**

**خوێندنەوە:**

**Obv.**

1) 1 *mu-du-lum*-udu/ niga-ba-úš
2) *en-um-$^{d}$adad* eĝir
3) níg-šu-taka$_4$-a-[.....] /unu(g)$^{ki}$-šè
4) é-a-šar dub sar maškim

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (6)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp207-212

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 30 أَيْلُول 2025؛ قُبل في 30 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 11 آب 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: adil.manme@gmail.com, kozad.ahmad@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 عادل حمه امين شريف، كۆزاد محمد احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**Rev.**

1) šà-nibruki
2) zi-ga
3) gìri-šu-kab-tà
4) ki-an-ta-lú-ta
5) ba-zi
6) iti-maš-dà-kú
7) mu dšu-dsuen/ lugal-uri5ki-ma-ke4/ ma-da-za-ab-ša/-liki mu-ḫul

**وەرگێڕان:**

**رووی پێشەوە:**

١) ١ *لاکە گۆشتی خوێکراو*( پارێزراو ) ی مەڕی دابەستە بەجۆ( قەڵەوکراو ) ی سەربڕاو.
٢) (بۆ) *ئێنوم- ئەدەد* ، پاشان
٣) بارێک دیاری بۆشاری ئوروک
٤) ئێئا-شار نوسەر و کۆمیسەر بوو

**رووی پشتەوە:**

١) لە شاری نیپپور
٢) خەرجی
٣) لەرێگەی شو- کەبتا وە
٤) لە ئەنتالوو وە
٥) خەرج کرا
٦) مانگی ''خواردنی ئاسک''
٧) ئەوساڵەی شو-سین پاشای ئور خاکی/ وڵاتی زابشالی وێرانکرد.

**وەرگێڕانی گشتی:**

١ ( یەک)لاکە گۆشتی خوێکراو( پارێزراو) ی مەڕی دابەستە بەجۆ، لەشاری نیپپور ئامادەکراوە بۆ شاری ئوروک نێردراوە، بۆ ئێنوم - ئەدەد ، لەلایەن ئێئا- شاری کۆمیسەر وەک دیاری، ( وەک بەشە خۆراک) خەرجیی شو-کەبتایە ئەنتالوو خەرجی کردووە، مانگی خواردنی ئاسک، ئەوساڵەی شو-سین پاشا ی ئور وڵاتی زابشالی وێرانکرد.

**شیکردنەوە:**

*mu-du-lum* : دەستەواژەیەکی سومەرییە بەڵام لەبنەچەدا ئەکەدییە و خواستراوە بۆ ناو سومەریی بەواتای ''گۆشتی خوێکراو/ پارێزراو'' لەئەکەدیدا بە *muddulu* هاتووە. ( PSD, vol.M, 23 ; CAD, vol.M,162)

udu-niga : دەستەواژەیەکی سومەرییە بەواتای''مەڕی دابەستە بەجۆ''. ( sigrist, 1995, 31)

شایانی باسە هەندێک جار ئەم دەستەواژەیە بەم شێوە udu- níḡ هاتووە. ( Halloran, 2006, 153 )

ba-úš : فرمانێکی سومەرییە بەواتای ''سەربڕدراو '' úš : ڕەگی فرمانە '' واتە سەربڕین''.

( Kleinerman, and Owen, 2009, 368)

eĝir : وشەیەکی سومەرییە چەندین واتای جیاوازی هەیە لێرەدا بەمانای '' پاشان '' هاتووە، لەئەکەدیدا بە *arkatu / warkatu* هاتووە ( PSD, vol., E, 16 )

níg-šu-taka$_4$-a : دەستەواژەیەکی سومەرییە بەواتای '' بارێک لە شتوومەک/ دیاری''

لەئەکەدیدا بە *šūbultu* هاتووە . ( Owen, 2013, 400)

*en-um-$^d$adad* : ناوی کەسییە، ئەکەدییە.(Owen, 2011, 267 )

*é-a-šar* : ناوی کەسییە، ئەکەدییە. (Rositani, 2003.206) لەدەقەکانی شاری گارشانادا زۆرجار ناوی هاتووە وەک نوسەر و کۆمیسەر سەرپەرشتی بەشینەوەی خواردن و خواردنەوەی کردووە. (Kleinerman, and Owen, 2009, 447 )

dub-sar : ناوی پیشەیەکی سومەرییە بەواتای ''نوسەر'' دێت. ( 83, 2006 )

maškim : ناوی پیشەیەکی سومەرییە بەواتای ''دەستەڵات پێدراو'' ( Hilgert, 1998, 338).

Nibru[ki] : شاری نیپپور، شارێکی گرنگی سومەریی بووە لەڕووی ئایینی، بەهۆی بوونی پەرستگای سەرەکیی خواوەندان ئێنلیل و نینلیل کەناوی ئێکور é-kur بووە. لەهەمان کاتدا شارەکە ناوەندێکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە، بۆیە لەڕووی ئابورییەوە بایەخی زۆری هەبووە . ( Cohen, 1993, 78)

zig-a : zi-ga : دەستەواژەیەکی سومەرییە بەواتای ''خەرجی'' لەڕەگی فرمانی zig بەواتای '' خەرجکردن''. و بۆ دارشتنی ناو لەگەڵ فرمان ( Owen, and Kleinerman, 2009, 371)

šu-kab-tá : ناوێکی کەسی ئەکەدییە، لە دەقەکانی تری سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوریشدا هاتووە. ( 2011, 444)

*an-ta-lú* : ناوێکی کەسی ئەکەدییە، زۆرجار وەک بەرێوبەری کارەکانیی شو-کەبتا ناوی هاتووە.)

لە دەقەکانەوە دەردەکەوێت کە فەرمانەکانی خەرج کردن لە کۆمیسەرە کانەوە دەهاتن بەڵام ئەم ئەنتالووە بووە کەلەمەیداندا خەرجییەکانی دەدا. (2009, 412 )

ba-zi : فرمانێکی سومەرییە، ڕابردووە بەواتای '' خەرجکرا، دابەشکرا''. 2009 b, 372)

iti-maš-dà-kú : ناوی ئەم مانگە واتە ''مانگی ئاسک خواردن''، شایانی باسە ئەم دەقە لەشاری نیپپور تۆمارکراوە بەڵام ناوی ئەم مانگە لە ڕۆژمێری شارەکەدا دا نەهاتووە.(Powell,1976-1980,300) ڕەنگە بە ڕۆژمێری شاری ئور تۆمار کرابێت، لەم ماوەدا ڕۆژمێری شارەکە یەکخراوە لەگەڵ ڕۆژمێری پایتەختی شانشینی بنەماڵەی سێیەمی ئور، لەتۆمارە مێخییەکاندا ئەم مانگە بەچەندین شێوەی جیاواز هاتووە، سالابێرگەر بەم شێوە تۆماری کردووە maš-kù-kú / maš-dà-kú . ( Sallaberger, 1993, 194) بەڵام لای کۆهین بە iti-maš-kù-gu$_7$ هاتووە لەپێش ساڵی سییەمی فەرمانڕەوایی پاشا شولگی لەشاری پوزریش- داگان، ڕەنگە ئەم گۆڕانکاریانە لەوکاتەدا بێت پاشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور چەندین چاکسازی و گۆڕانکاریان ئەنجام داوە لەکاتی بوون بەپاشایان.

mu : وشەیەکی سومەرییە لێرەدا بەواتای ''ساڵ'' دێت.( , 121 2006 ) شو-سین چوارەم پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئوربوو، لەساڵی ( ٢٠٣٧- ٢٠٢٩ پ.ز ) لەکاتی فەرمانڕەوایدا تەنها دوو هەڵمەتی سەربازی کردووەتە سەرشانشینەکانی دەور و

بەری وڵاتەکەی، ئەوانیش شانشینەکانی ناوچەکانی سیمانوم و زابشالی یە، کە لە ساڵی سێیەم و حەوتەمی پاشایەتیەکەیدا ئەنجامی داون. ( Ahmed, 2012, 189)

ma-da : وشەیەکی سومەرییە واتە ''وڵات/ خاک '' لە بنەڕەتدا لە *mātu* ی ئەکەدییەوە وەرگیراوە . ( PSD, vol.M, 3)

za-ab-ša-li-$^{ki}$ : وولاتی زابشالی، سەبارەت بەشوێنی زابشالی بۆچونی جیاوازە هەیە، هەندێک لە توێژەران ڕایان وایە بەشێک بووە لەخاکی عیلام، لەنزیک لوڕستان هەندێکی ترلایان وایە بەشێک بووە لە وولاتی سیماشکی. ( فتاح، ٢٠٢٢، ٩٣)

ḫulmu - : ( mu- (n)- ḫul - Ø ) فرمانێکی ڕابردوووە سومەرییە بەواتای '' وێرانیکرد''

(n) : ڕاناوی بەرکارە بۆ کەسی سێیەمی تاک، دەگەڕێتەوە بۆ زابشالی.

ḫul : ڕەگی فرمانە واتە '' وێرانکردن'' . ( PSD, vol. H, 18. ; CAD, ovl.Š, 351)

Ø : ڕاناوی بکەرە بۆ کەسی سێیەمی تاک، لەڕابردودا شاراوەیە. دەگەڕێتەوە بۆ شو-سین.

**دەقی دووەم:**

**ژمارە SM.038724**

**خوێندنەوە:**

**Obv.**

1) 1 *mu-du-lum*/ šáḫ-ĝiš-gi
2) ⌜ um-mi ⌝- $^{d}$kab-tá/ dumu munus é-a
3) níg-šu-taka$_4$-a gar-ša-an-na$^{ki}$
4) gìri-*īlum-ba-ni*

**Rev.**

1) ⌜ gemé- ne ⌝-$^{d}$iškur dub-sar- maškim
2) ⌜ šà ⌝-nibru$^{ki}$
3) zi-ga
4) gìri-*šu-kab-tá*
5) ki-*an-ta-lú*-ta ba-zi
6) iti-še- gur$_{10}$-ku$_5$
7) mu $^{d}$*šu*-$^{d}$*suen*-/lugal-uri$_5$$^{ki}$ -ma-ke$_4$/ma-da-za-ab-ša-li/$^{ki}$ mu-ḫul

**وەرگێڕان:**

**ڕووی پێشەوە:**

1) ١ لاکە گۆشتی خوێکراوی بەرازی ناو دارستان ( بەرازی کێوی )
2) ( بۆ ) ئوم- می- کەبتا کچی ماڵەوە
3) بارێک دیاری بۆ شاری گارشانا
4) لەڕێگەی ئیلوم- بانییەوە

**ڕووی پشتەوە:**

1) ( بۆ ) گیمێ- نێ- ئیشکور نوسەر و کۆمیسەر بوو
2) لەشاری نیپور
3) خەرجی
4) لەڕێگەی شو-کەبتا وە
5) لە ئەنتالوو وە، خەرجکرا
6) مانگی ''دروێنەی جۆ''
7) ئەوساڵەی شو-سین پاشای ئور وڵاتی زابشالی وێرانکرد.

**وەرگێڕانی گشتی:**

١ (یەک) لاکە گۆشتی خوێکراو( پارێزراو) ی بەرازی ناو دارستان ( بەرازی کێوی) لەشاری نیپور ئامادەکراوە بۆ شاری گارشانا نێردراوە، ( وەک بەشەخۆراک) بۆ ئوم-می- کەبتا کچی ماڵەوە لەڕێگەی ئیلوم- بانییەوە، وە بۆ گیمێ- نێ- ئیشکور نوسەر و کۆمیسەر، خەرجی شوکەبتایە ئەنتالوو خەرجی کردووە، مانگی دروێنەی جۆ، ئەوساڵەی شو-سین پاشای ئور وڵاتی زابشالی وێرانکرد.

**شیکردنەوە:**

šáḫ : وشەیەکی سومەرییە بەواتای ''بەراز'' هاتووە، لەئەکەدیدا بە *šaḫû* هاتووە. ( PSD, vol,Š, 14)

ĝiš-gi : دەستەواژەیەکی سومەرییە بەواتای'' دارستانی ئاودار'' . ( PSD, vol,G, 48) بەراز لەناوچەیەکدا دەژی کە تارادەیەک جیاوازە لەسروشتی ئاژەڵەکانی دیکە، زیاتر حەزی لەسروشتی چڕ و دارستان و شوێنی ئاوداره.

*um-mi-$^{d}$kab-tá* : ناوێکی کەسیی ئەکەدییە.( 2011, 55) لەم دەقەدا وەک کچی ماڵەوە ناوی هاتووە.

dumu-munus é-a : دەستەواژەیەکی سومەرییە بەواتای ''کچی ماڵەوە''. ( 2013 b, 431 )

*īlum-bāni* : ناوێکی ئەکەدییە، واتە ''خواوەند بەدیهێنەر( خالق ) ە''. لەدەقەکانی شاری گارشانا دا لەگەڵ پیشەکانی کارگێڕی پەرستگا و نوسەر هاتووە، شایانی باسە ئەم ناوە هەندێک جار لەسەر مۆرەکانیش دەرکەوتووە.( 2011, 268 )

gemé-ne-$^{d}$iškur : ناوی کەسییەی سومەرییە.

iti-še-gur$_{10}$-ku$_5$ : ناوی ئەم مانگە واتە ''مانگی دروێنەی جۆ''، لە ڕۆژمێری شاری ئور و نیپوردا مانگی ١٢ بووە، لە ڕۆژ ژمێری زۆربەی شارە سومەرییەکاندا هاتووە، لەشاری ئوممادا مانگی ١ بووە. ( 1976-1980, 30)

**دەقی سێیەم:**

**ژمارە SM.038736**

**خوێندنەوە:**

**Obv.**

1) 1 m[u-*du-lum*-maš-dà]
2) *ma-la-ti* dumu munus é-a
3) [Arád ]- nin-in-si- i / maškim

4) 1 *mu-du-lum*-maš-dà

**5) Suḫuš-*ki-in*-⌜ sagi ⌝ / maškim**

6) 1 *mu-du-lum* maš-dà

**Rev.**

1) *na-a-a-tum* maškim

2) šà-nibru$^{ki}$

3) zi-ga

4) gìri-*šu-kab-tá*

5) ki-*an-ta-lú*-ta

6) ba-zi

7) iti-maš-dà-kú

8) mu $^{d}$*šu*-$^{d}$*suen*-lugal/uri$_5$$^{ki}$-ma-ke$_4$/ma-da-za-ab-ša /- li$^{ki}$-[mu-ḫul]

Le.ed u$_4$-16 kam

**وەرگێڕان:**

**ڕووی پێشەوە:**

١) ١ [ لاک گۆشتی خوێکراوی ئاسک]
٢) (بۆ) مالاتی کچی ماڵەوە
٣) [ ئەرەد ] -نین- ئین- سی / کۆمیسەربوو
٤) ١ لاک گۆشتی خوێکراوی ئاسک
٥) ( بۆ ) سوخوش- کین مەی گێڕ، کۆمیسەر
٦) ١ لاک گۆشتی خوێکراوی ئاسک

**ڕووی پشتەوە:**

١) (بۆ ) نایاتوم، کۆمیسەر
٢) لەشاری نیپپور
٣) خەرجی
٤) لە ڕێگەی شو-کەبتا وە
٥) لە ئەنتالوو وە
٦) خەرج کرا
٧) مانگی خواردنی ئاسک
٨) ئەوساڵەی شو-سین پاشای ئور وڵاتی زابشالی وێرانکرد.

**لای چەپ: ڕۆژی شانزەیەم.**

**وەرگێڕانی گشتی:**

١ ( یەک) [ لاک گۆشتی خوێکراوی ئاسک] بۆ مالاتی کچی ماڵەوە (لەلایەن) [ ئەرەد ] نین- ئین- سی ، کۆمیسەر. ١ ( یەک) لاک گۆشتی خوێکراوی ئاسک بۆ سوخوش- کین مەی گێڕ و کۆمیسەر، ١ ( یەک)لاک گۆشتی خوێکراوی ئاسک بۆ نایاتوم ی کۆمیسەر، لەشاری نیپپور ( وەک بەشەخۆراک ) خەرجی شو-کەبتا یە ئەنتالوو خەرجی کردووە، مانگی ئاسک خواردن، ئەوساڵەی شو- سین پاشای ئور وڵاتی زابشالی وێرانکرد.

**ڕۆژی شانزەیەم**

**شیکردنەوە**

*ma-la-ti*: ناوی کەسییە، ئەکەدییە لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوریش هاتووە لەدەقەمێخییەکاندا، شایانی باسە ئەم ناوە هەندێک جار لەشاری ئیری ساگریکدا وەک کچی ماڵەوە هاتووە. (2013, 431 )

Suḫuš-*ki-in* : ناوێکی کەسی لێکدراوە لەسومەری و ئەکەدیی، زیاتر لەدەقەکانی شاری ئیری- ساگریگ و گارشانادا هاتووە. ( 13 ,1995 ) ناوەکە لە suḫušسومەری بە واتای "بناغە" و kīn ئەکەدی بە واتای "پتەو، جێگیر" پێکهاتووە. بەسەر یەکەوە واتای " بناغە جێگیر " دەبەخشێت.

sagi : ناوی پیشەیەکی سومەرییە، ڕەنگە بە بنەچە ئەکەدی بێت بەواتەی "کاسە هەڵگر / مەی گێڕ "، لە ئەکەدیدا بە *šāqû* هاتووە. (*CAD*, ovl.Š, 16.)


u$_4$ : وشەیەکی سومەرییە واتە " ڕۆژ/کات " زۆرجار لەگەڵ پاشگری kam هاتووە کە ئاماژە یە بۆ ژمارەی ڕیزبەند ڕۆژەکان وە لەگەڵیدا ژمارەی ئەوڕۆژانەش هاتووە کە خۆراکی تیادا بەشرا وە تەوە.( 2006,151 )

## دەرئەنجام


لە ڕێی خوێندنەوە و شیکاری ئەم سێ دەقەوە گەشتینە چەند دەرئەنجامێک، لەوانە:

- مێژووی دەقەمێخییەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ساڵی حەوتەمی پاشایەتی شو-سین، کەدەکاتە ساڵی ( ٢٠٣١ پ.ز) چوارەم پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئور دەگەڕێتەوە، لەوساڵەدا شو-سین پەلاماری شاری زابشالی داوە و ویرانی کردووە.
- لە دەقەکانی ئەم توێژینەوەیەدا گۆشتی خوێکراوی مەڕ و بەراز و ئاسک وەک بەشەخۆراک خەرجکراوە بۆ کارمەندانی میری لە شارەکانی نیپپور و ئوروک و گارشانا.
- ناوی چەند پیشەیەکی میری لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور لەم توێژینەوەدا دەرکەوتووە وەک، پاشا، کۆمیسەر، نوسەر.
- شایانی باسە ئەم بارە خۆراکە لەلایەن یەک کەس پێشکەشکراوە کەناوی ئەنتالوو بووە، هەروەها لەڕێگەی یەک کەس ئەم تۆمارە ڕێکخراوە، کەناوی شوکەبتا بووە.
- دەقەکانی ئەم توێژینەوەیە لەشاری نیپپور تۆمارکراون، بەڵام لەدەقی یەکەم و سێیەمدا ناوی مانگێک تۆمارکراوە کە لە ڕۆژ ژمێری شارەکەدا نییە.
- شاری نیپپور ناوەندێکی ئاینی و ئابووری گرنگی شانشینی بنەماڵەی سێیەمی ئوربووە.


## وێنەکان و لەبەرگیراوەکان




**SM.038802وێنە و لەبەگیراوەی دەقی یەکەم ژمارە**




**SM.038724وێنە و لەبەرگیراوەی دەقی دووەم ژمارە**




**وێنە و لەبەرگیراوەی دەقی سێیەم ژمارە SM. 038736**

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


فتاح، هێمن نوری، ( ٢٠٢٢)، هەڵبژاردەیەک بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی بنەماڵەی سێیەمی ئور( ٢١١٢- ٢٠٠٤پ.ز) لە مۆزەخانەی سلێمانی ، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان.


### سەرچاوە بیانییەکان:


Ahmed, M., (2012), The Beginnings of Ancient Kurdistan ( C. 2500-1500 BC ) A Historical and Cultural Synthesis, Leiden.

Cohen, M.,( 1993), The Cultic Calendars of the Ancient Near East, Bethesda - Maryland.

Gelb. I. J. et al., The Assyrian Dicitionary of the Oriental Institute of the University of Chicago, CAD, Chicago, 1992.SEP

Halloran, J. A., (2006), Sumerian Lexicon , V. 3.0, Los Angeles.

Hilgert, M., ( 1998) Drehem Administrative Documents from the Reign of Šulgi, V.115, University of Chicago.

Kleinerman, A. and Owen,D.I., (2009), The Analytical Concordance to the Garšana Archives. CUSAS 4, Bethesda.

MCINTOSH, J., (2005), Ancinet Mesopotamea, New Perspechives, Oxford, England.

Owen, D., (2013), Cuneiform Texts Primarily from Iri-sagrig/ Āl-Šarrākī and History of Ur III Period, Nisaba-15-1 Bethesda.

Owen, (2013), Gaešana studies (CUSAS ) V.6, Conell University studies in Assyriology and Sumerology.

Powell, M.,(1976-1980), '' Kalendar,'' RIA, vol.4, Barlin- New York.


ePSD: The Pennsylvania Sumerian Dictionary . https://psd.museum.upenn.edu/epsd2/#top 12/ 10/2025

Rositani, A.,(2003), Rīm- Anum Texts in British Museum, (Nisaba- 4 ) , Di. Sc. A.M.

Sallaberger, W., ( 1993), Der Kultische Kalender der Ur III- zeit, band 7/1, Berlin-New York.

Sigrist, (1995), Neo- Sumerian Texts from The Royal Ontario Museum, I ,The Administration at Drehem, Bethesda.

### نەخشەی شارە سومەرییەکان




نەخشەی هەندێک لە شار و ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا

### بەدەستکاریەوە لەم سەرچاوە وەرگیراوە:

(MCINTOSH, J., Ancinet Mesopotamea, New Perspechives, Oxford, England, 2005, p. XIII )